# پەیامی پیرۆزبایی سەرۆك بوش بۆ موسڵمانان بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە

بە دڵخۆشییەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە جەژنی ڕە مەزان دەکەن. ئەو جەژنەی کە کۆتایی بە مانگی ڕە مەزانی پیرۆزی موسڵمانان دێنێ. لە ڕە مەزاندا وشەی خوا بە ڕێگای قورئانەوە بۆ محمد پێغەمبەر دابەزیوە. ئەم وشەیەش ، لەم ماوەیەدا، بە سەرنج و ڕێزێکی تایبەتییەوە و، بە دەنگی بەرز دەخوێندرێ.

لە مانگی ڕابردوو، موسڵمانان بەدرێژایی ڕۆژ لە خواردن و خواردنەوە بە ڕۆژوو بوون. بەم چەشنە بیروهە ستی خۆیان دەخەنە سەر باوەڕ و ئیمانیان و، دڵیشیان ئاراستەی چاکە و خێر دەکەن.

موسڵمانان لە سەرانسەری جیهاندا دەستی بەزەیی و یارمە تییان بۆ ئەو کەسانە درێژ کرد کە زۆر پێویستیان پێی هەیە. لە سەر شەقامی شارو شارۆچکەکان خوانی خێرێ بۆ دەست کورت و هەژاران ریز دەکرێن بۆ ئەوەی فتار بکەنەوە. هەروەها دیاری و خواردن و جلوبەرگ و پارەش دابەش دەکرێن تاکو دڵنیایی هەبێ کە هەموو کەسێك لە نیعمەتی خوا بەشدارە. زۆر جار موسڵمانەکان ئەندامانی ئایینەکانی دیکەش بۆ خواردن و خواردنەوەی فتارێ بانگێشتن دەکەن و بەم جۆرە گیانی تەساموح و سنگ فراوانیی پیشان ددەن. لە جەژنی ڕەمەزاندا موسڵمانەکان ئاهە نگی کۆتایی هێنان بە ڕۆژوو گرتن و بەو بەرەکەتەی کە ئیمانیانی پێ بە هێزتر بووە دەگێڕن.

نەریت و دەستووری گێڕانی ئاهەنگی جەژنی ڕەمەزان لە وڵات بۆ وڵات دەگۆڕێ، لە داگیرساندنی چرا و فانووسان لە میسر بۆ توپ تەرەقە تەقاندن لە پاکستان، تا دەگاتە بانگێشتنی خەڵکی پیر بۆ نان خواردن لە نیجەر. لە سەرانسەری جیهاندا خێزان و دراوسێ و دۆست و برادەر دەگەنە یەك بۆ ئەوەی خواردنی دەستووری خۆیان پێکەوە بخۆن و پیرۆزبایی جەژن لە یەکتری بکەن بە بۆنەی کە ڕە مەزانیان تاسەر پێ گیرا.

ئەو گیانەی لە پشت ئەم جەژنەدایە وە بیرمان دێنێتەوە کە ئیسلام هیوا و تەسکین بۆ ملیۆنان خەڵك لە وڵاتەکەی من و، بۆ پتر لە یەك ملیار خەڵکیش لە سەرانسەری جیهاندا دێنێ. ڕەمەزان هەروە ها بۆنەیەکە بۆ ئەوەی وەبیرمان بێتەوە کە ئیسلام شارستانیەتێکی فێرکردنی دەوڵەمەندی لە گەڵ خۆی

هێنا، کە ئەمەش سوودی بۆ مرۆڤایەتی هەبووە.

لێرە لە وەڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا، موسڵمانان لە زۆر بواردا بەشدارییان کردووە، وەك بواری کارداری، زانست، قانوون، پزیشکی، پەروەردە و بواری تریش. ئەندامانی موسڵمانی هێزە چەکدارەکانمان و ئەوانەی لە ناو بەڕێوەبەرایەتی خۆیشمدان، خزمەتی هاووڵاتیە ئەمریکاییەکانی دیکەیان بە چەشنێکی دیار دەکەن و، بنەماکانی ئەم وڵاتە وەك ئازادی و داد لە جیهانێکی ئاشتدا دەپارێزن.

لۆراش لەگەڵ من هەردووکمان ئاواتی جەژنێکی شاد بۆ موسڵمانانی سەرانسەری ئەمریکا و سەرتا پای جیهانیش دەخوازین. هیواداریین ئەو بەرەکەتەی کە لەم مانگی ڕەمەزانە پێتان گەیشت لە ساڵی داهاتووش هەر لەگەڵتاندا بێت.